

# ڕۆڵی ئافرەتانی میدیاکار لەم دۆخە هەستیارەی کوردستاندا چییە؟

**ڕەنگە لەم دۆخە هەستیارەدا ئەو گرفتە هەندێك كاڵ بووبێتەوە كە بە پێی ئامارەكان لە كۆی ٧٠٠٠ ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، ٩٩٧ ئەندام ئافرەتن، بەڵام ڕێژەی سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ئافرەت ١٪یش نییە، لەوانەشە ئەوەش زۆر جێی ڕەخنەی توند نەبێت كە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان وەك تێكڕای كایەكانی دیكەی كۆمەڵگە دەسەڵاتی ئافرەتی سنووردار كردووە و پۆستە باڵاكان بۆ پیاوان قۆرخ كراون، بەڵام سەرەڕای ئەو كۆسپ و تەگەرانە ئافرەتانی میدیاكار تەسلیمی بیرۆكەی نەریتسالاریی كۆمەڵگە نەبوون و سەلماندیان كە تواناكانیان لە توانای پیاوانی هاوپیشەیان كەمتر نییە، لە ئێستاشدا كە قەیرانێكی گەورەی ئابووری بەرۆكی هەرێمی كوردستانی گرتووە و ڕێكخراوێكی دڕندەی تیرۆریستی لە ژێر ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بە پانتایی پتر لە هەزار كیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ باشووری كوردستان كردووەتەوە، كۆمەڵێك ئافرەتی بەتوانا و بەئەزموون لەو گۆڕەپانەدا دەبیندرێن، كە سەرەڕای ئەوەی وەك برایانی هاوپیشەیان بە ئەركی پیشەییان سەرقاڵن، هاوكات هەست بەو دۆخە دژوارە دەكەن و وێڕای كەمبوونەوەی داهاتیان بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەوە كە بەرۆكی تاك بە تاكی هاونیشتمانییانی باشووری كوردستانی گرتووە، وەك پێشمەرگە قارەمانە دوژمنبەزێنەكان، بە فیداكاری و كاری خۆبەخشانە كۆمەڵگە لە پیلانی دەرەكی و ناوشیاری ناوخۆیی بەئاگا دێننەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر جار ڕووبەڕووی ڕەخنە و تێڕوانینە جیاكان دەبنەوە، بەڵام پرسیاری سەرەكی ئەوەیە كە ڕۆڵی ئافرەتانی میدیاكار لەم دۆخە هەستیارەی ئەمڕۆی كوردستاندا چییە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

سەرەتا هێرۆ مەولوودی پەیامنێری كەناڵی ئاسمانیی كوردستان ٢٤ باسی ئەوە دەكات، كە پیشەی میدیایی و كاری ڕۆژنامەوانی پیشەیەكی پیرۆزە و هاوكات دەڵێت: «بەداخەوە تاوەكو ئێستاش لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەتان بە گوێرەی پێویست لە بواری میدیایی كار ناكەن. ڕاستە ئێستا لە ناو دەزگاكانی ڕاگەیاندن ڕێژەی ژن كەمێك زیادی كردووە، بەڵام ئایا ئەم ژنانە چەند ڕۆژنامەنووسن و تا چەند بە دوای كاری پیشەیی ڕۆژنامەوانییەوە و تا چەند توانیویانە ببنە دەنگی كۆمەڵگە و تا چەند لە هەموو كایەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆڵیان بینیوە؟ بەداخەوە ڕۆڵی كچان و ژنان لەو بوارانەدا زۆر بە كەمی دیارە، ئەوەش چەندین هۆكاری هەیە، یەكەم خودی كچان و ژنانن كە بەشێكن لە كۆمەڵگە، دووەم نەریتی نێرسالاری خودی كۆمەڵگەیە كە بەربەستیان بۆ دروست دەكات. ئەگەر سەیر بكەین و بە وردی هەڵسەنگاندنی بۆ بكەین، دەبینین ئەو ژنە ڕۆژنامەوانانەش كە بوونەتە دەنگی كۆمەڵگەی خۆیان، زیاتر لە بواری كۆمەڵایەتی كاریان كردووە و زۆر بە دەگمەن خۆیان لە قەرەی سیاسەت داوە و زیاتر لە بواری ڕۆشنبیری و هونەری و كۆمەڵایەتی كاریلێن كردووە. واتە تاكوو ئێستا -بە خۆشمەوە- ئێمەی ئافرەتانی میدیاكار نەمانتوانیوە لە بواری سیاسەت هەنگاوی بەرچاو بنێین. یەكێك لە هۆكارەكانیشی جگە لە تێڕوانینی كۆمەڵگە و دروستكردنی كۆسپەكان، ئەوەیە كە بە گوێرەی پێویست بە دوای زانیاری و خوێندنەوەی بابەتی سیاسی و بەدواداچوون لەو بوارەدا خۆمان ماندوو نەكردووە. لایەنێكی دیكەی گرینگیش لەم بارەیەوە، ئەوەیە كە زۆر جار بینراوە ئەگەر ژنێكی ڕۆژنامەوان كارامە و بەتواناش بووبێت، ئەوا لەو دەزگایەی كە كاری كردووە، ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساندووە و نەك متمانەیان پێنەداوە، بگرە ڕێگریشیان لێكردووە، چونكە پیاوسالاری زاڵ بووە بە سەر بۆچوونیاندا و لەو بڕوایەدا بوون كە ئەوە تەنیا ڕۆژنامەوانی پیاوە دەتوانێ خۆی لە پرسە سیاسییەكان بدات. بۆیە پێویستە ئەو بیرۆكە نەشیاوە بگۆڕدرێ و پیاوانیش بۆ هاتنە پێشەوەی ژنان لەو بوارەدا یارمەتیدەر بن. بەتایبەتی لە باشووری كوردستان كە ئێستا دۆخێكی زۆر هەستیاری هەیە و لە ریفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەت نزیك دەبێتەوە.»

نەسرین حەسەن، بەڕێوەبەری وێب سایتی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان سەبارەت بە هەمان پرسیار دەڵێت: «ئەگەر بێین باس لە ڕاگەیاندن بكەین، دەبێ سەرەتا باس لە پیشەیی بوونی ئەو بوارە لە كوردستان بكەین، كە تا چەند توانیویەتی ئەركی خۆی لە گەیاندنی پەیامەكان بە كۆمەڵگە بە شێوەیەكی زانستییانە و بە ڕەچاوكردنی بنەما و پرەنسیپەكامی كاری ڕاگەیاندن بەجێ بگەیەنێت و تاچەند بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەكاندا دەكات و ئافرەتی ڕاگەیەندكار چ ڕۆڵێكی لەو بوارەدا هەیە؟» گوتیشی: «هەرچەندە ئەمڕۆ میدیای كوردی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام تاوەكو ئێستا لە ئاست پرسی سیاسی و كۆمەڵایەتی بەتایبەتی بەرامبەر بە ئافرەت كەمتەرخەم بووە و وەكو پێویست گرنگی

**نابێت بۆ ئەم بارودۆخەی هەرێمی كوردستان ڕەچەڵەک و ڕەگەز ببێتە پێوەر و پێویستە هەموو هاونیشتمانییەک و بەتایبەتی میدیاكاران پاڵپشت و پشتیوانی هێزەكانی پێشمەرگە بن كە بە خوێن و گیانی پاكیان ئەم خاكە پیرۆزەیان پاراستووە**

**ئەگەر سەیر بكەین و بە وردی هەڵسەنگاندنی بۆ بكەین، دەبینین ئەو ژنە ڕۆژنامەوانانەش كە بوونەتە دەنگی كۆمەڵگەی خۆیان، زیاتر لە بواری كۆمەڵایەتی كاریان كردووە و زۆر بە دەگمەن خۆیان لە قەرەی سیاسەت داوە و زیاتر لە بواری ڕۆشنبیری و هونەری و كۆمەڵایەتی كاریان كردووە**

پێنەدراوە، بۆیە پێگەی ئافرەتی راگەیەندکاریش لە میدیای کوردیدا نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرچاو، تەنانەت ئەوەی ئەمڕۆ لە میدیای کوردستاندا دەبینرێت، رێژەی ئافرەت لە بواری راگەیاندن زۆر کەمە و ئەگەریش هەبێت زۆر بایەخ بە کاری ئافرەتی راگەیەندکار نادرێت، یان لە زۆربەی بوارە گرنگەکانی راگەیاندن ئافرەت رۆڵی تێدا نابینێت، واتە زمانی راگەیاندن لە کوردستاندا هزری پیاوانەی بە سەردا زاڵە و کەمتر نەرمونیانی تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستادا کە ئاسەواری شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و بارودۆخی سیاسی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە و کاریگەری نەرێنیشی لە سەر دەروونی خەڵك دروست کردووە. بۆیە بەرجەستەکردنی بەها پیرۆزەکان و کارکردن لە سەر ورەبەرزی و خۆڕاگری خەڵك لەو قۆناغەی ئێستادا پێویستییەکی هەنووکەیی و ئەرکی سەرشانی هەمووانە. لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم ئافرەتی میدیاکار لە کوردستاندا بە پێی ئەو ئەرکەی پێی دراوە، بەڕێوەبەرایەتییەکی سەرکەوتووانەی هەبووە و ئەوەش لە کارەکانی رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە ئێمە لە وێب سایتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك کەناڵێکی سۆشیال میدیایی بەردەوام هەوڵمانداوە ورەبەرزی و گیانفیدایی و رۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکانمان بەرجەستە بکەین و تیشك بخەینە سەر پرسە چارەنووسساز و گرنگەکان کە تایبەتن بە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئافرەت بەتایبەتی، وێڕای دەرخستنی رۆڵی ئافرەتی کورد چ لە بەرەکانی شەڕ وەك پێشمەرگە چ لە دەرەوە وەك کارەکتەرێکی بەهێز لە پاڵپشتیکردنی هێزی پێشمەرگە، یان رۆڵی وەك دایك و هاوسەری پێشمەرگە، یان وەك ئافرەتێك کە ئەرك و بەرپرسیاریەتیمان هەیە لەو قۆناغەی ئێستادا بۆ ورەبەرزی خەڵك و خۆڕاگری و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی ئێستا، وێرای ئەوەش زیاتر هەوڵمانداوە گەشبینانە بڕوانینە بارودۆخی کوردستان، لەمەڕ پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش ویستوومانە بەشێکی کاریگەر بین لە چارەسەرکردنی ئاریشەکان، نەك دروستکردن، یان وروژاندنی کێشەکان. هەروەها وێب سایتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك کەناڵێکی راگەیاندن کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات، توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەرکی میدیایی خۆی بە باشی بەڕێوە ببات و بە بەرجەستەکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لایەنی پەروەردە و توێژینەوەی زانستی سیمایەکی تەندروست و گەشبینانە بە راگەیاندن ببەخشێت و تا رادایەکی زۆریش دوور کەوتۆتەوە لە زمانی زبر و توندوتیژی، ئەمەش بە رای من زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەت بەردەوام بە هۆی نەرمونیانی و ئەو تایبەتمەندییەی کە لە کەسایەتییەکەیدا هەیە، هەوڵ دەدات بەها بەرز وجوانەکان لە کارەکانیدا بەرجەستە بکات

ئەوەش بە روونی لە هەموو ئەو بوارانەی راگەیاندن کە ئافرەت کاری تێدا دەکات رەنگی داوەتەوە. بۆیە دەبێت راگەیاندنی کوردستان زیاتر بایەخ بە ئافرەتی راگەیاندکار بدات و دەرفەتی زیاتری بۆ بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بە پراکتیزەکردنی بۆچوون و بیروڕایەکانی بەشداری کاراتری لە راگەیاندنی کوردیدا هەبێت.»

نەسرین حەسەن لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە «زۆر گرنگە هاوسەنگی لە ئەرکی میدیایی دروست ببێت و پێکهاتەیەك لە هزر و بۆچوونی هەر دوو رەگەز بێتەبەرهەم، هەر بەو شێوازەش راگەیاندن سەرکەوتووتر دەبێت.»

لە لای خۆیەوە سیما ئابخەزر رایوایە کە «رۆڵی ژنان لە راگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا لە ئاستی رۆڵی گشتیی کاری میدیاییدا نییە.» هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «هەر تی ڤی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامەیەك بەپێی ستراتیژ و پلان و بەرنامەکانی خۆی و حزبەکەی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە هەستیارەی کوردستاندا دەکات، ئەوەش شتێکی مەترسیدارە کە لەم دەرفەتەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، میدیایەکی پەرتەوازە و ناکۆکمان هەبێت.»

نەریمان خەسرەو دەرچووی بەشی راگەیاندنە و رایوایە «نەك هەر ئافرەت، پیاوانیش وەکو پێویست نەیانتوانیوە رۆڵی گونجاویان لەم دۆخەدا هەبێت کە کورد و کوردستان جگە لە تووشکردنی بە قەیرانی دارایی، شەڕی تیرورستانی داعشیش بەرۆکی گۆتووە.» گوتیشی: «ئەگەر باس لە رۆڵی ئافرەت، یان پیاوی نێو راگەیاندن بکەین لەم دۆخەی شەڕ و لە رووماڵکردن، یان کارکردنی لە بواری هەواڵ و راپۆرت و کاری مەیدانیدا، ئەوا بێگومان کەموکورییان زۆرە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تا ئێستا هەوڵ نەدراوە وەکو پێویست و بە شێوەی ئەکادیمی رۆژنامەنوسان بە چەکی زانیاریی تایبەت بەم دۆخە و ئامادەکردنی پەیامنێری جەنگ پڕچەك بکرێن، ئەوەشی هەیە زیاتر حەز و خولیای تاکی میدیاکارە و نەبووتە خەمی دەزگا، یان سەندیکا، یان حکومەت لە رێگەی وەزارەتە پێوەندیدارەکانەوە، بۆیە هەڵەی زۆریشیان بەسەردا تێدەپەرێت و لەوانەیە هەندێك جار بە بێ مەبەست و بە هۆی نەزانین، هەواڵەکانیان زانیاری بە دوژمن و نەیاری ئەم کوردستان بدات.»

هاوژین عومەر، کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەب و رۆژنامەگەری، سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە «میدیای کوردی لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی ئەماتۆرییانەی ناپیشەگەر لەدایك بووە، بۆیە بەدەست کۆمەڵێك قەیران و کێشەوە دەناڵێنێ، بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی کێشەی بونیەوین، زۆربەڕوونی لە مەسەلەکانی تێگەیشتن لە وەزیفەی رۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە، و پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی

■

ئێمەی ئافرەتانی میدیاکار نەمانتوانیوە لە بواری سیاسەت هەنگاوی بەرچاو بنێین. یەکێک لە هۆکارەکانیشی جگە لە تێڕوانینی کۆمەڵگە و دروستکردنی کۆسپەکان، ئەوەیە کە بە گوێرەی پێویست بە دوای زانیاری و خوێندنەوەی بابەتی سیاسی و بەدواداچوون لەو بوارەدا خۆمان ماندوو نەکردووە

■

پێویستە ئەو بیرۆکە نەشیاوە بگۆڕدرێ و پیاوانیش بۆ هاتنە پێشەوەی ژنان یارمەتیدەر بن. بەتایبەتی لە باشووری کوردستان کە ئێستا دۆخێکی زۆر هەستیاری هەیە و لە ریفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەت نزیک دەبێتەوە

■

بەرجەستەکردنی بەها پیرۆزەکان و کارکردن لە سەر ورەبەرزی و خۆڕاگری خەڵک لەو قۆناغەی ئێستادا پێویستییەکی هەنووکەیی و ئەرکی سەرشانی هەمووانە

ڕاگەیاندن، و ئەدای دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان بەرامبەر بە پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەبینرێت، هەر بۆیە بەشێك لە فاکتەرەکانی کەمیی ژمارەی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرانی ئافرەت بۆ ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ڕێگریکردن لە ژنان لە مومارەسەکردنی کاری ئیعلامی و نەزەی نادروستی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو ژنانەی لەو بوارە کاردەکەن هۆکاری بنەڕەتی ئەو حاڵەتەن». گوتیشی «زۆرینەی کۆمەڵگەیەك کە لای ئاسایی نەبێ ژن وەك هەر قوتابییەك زانستییانە لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری لە پەیمانگە و کۆلێژەکان ڕۆژنامەگەری بخوێنێ، حەتمەن ڕێگری دەکات لە پراکتیزەکردنی ئەم پیشەیە لەلایەن مێینەکانی».

هاوژین هۆکارێکی دیکەی ئەو حاڵەتەی بۆ شێوەی بیرکردنەوەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بەتایبەتی بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو دەزگایانە گەڕاندوە کە «ئافرەت وەك دیکۆر و جوانکاری دەزگاکانیان بەکاردەخەن، پێشەوەی ڕێگەبدەن پشکداری جەوهەرییان لە بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە هەبێ، یان ئەیار و ئامادەیان بکەن تا لە داهاتوودا ڕۆڵی کەسی یەکەم لە دەزگاکان بگێڕن. گوتیشی: «بەشێك لە فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە بۆ خودی ئافرەتان دەگەڕێتەوە، چونکە بەشێکی زۆریان هەوڵی خۆتەیارکردن و قووڵکردنەوەی تواناکانیان نادەن و وەك میوان لەو دەزگایانە هەڵسوکەوت دەکەن».

سۆزان جەمال چالاکی بواری مافی ئافرەتانە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، ڕۆژنامەنووسێکی زۆری ڕەگەزی مێینە دەرکەوتوون، گوتیشی: «بەرلە ساڵانی نەوەدەکان بیرم دێت چەند ئافرەتێك ڕۆژنامەنووس بوون کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران. ئەو کاتە، زیاتر لە ئێستا کاری ڕۆژنامەنووسی قورستر بوو، هەموو کارەکان بە ماندووبونی جەستە و فکر بوو، وەك ئێستا نەدەکرا لە ڕێگەی مۆبایل و ئیمێل و فەیسبووکەوە پێوەندی بکەی و پرسیارەکان بنێری و کۆنتاکت وا ئاسان نەبوو، جگە لەوەی وەزعەکانیش قورستر بوون.»

ڕۆژنامەنووس ژیلا کەریمی، قسەکانی بەوە دەست پێدەکات کە «ئافرەت بەگشتی سروشتی خۆی بەو شێوەیە کە وردترە لە کارەکان، نەك تەنیا لە کاری ڕاگەیاندن، بەڵکو بەرپرسایەتی هەر کارێك هەڵگرێت، ئەوە زۆر بە پوختی و وردی ئەنجامی دەدات». وتیشی: «سەرەڕای جێنەکەوتنی بواری ڕاگەیاندن بۆ کارکردنی ئافرەت و ڕەشبینیی کۆمەڵگە بۆ ئەو کارە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادەی بەشداریی ئافرەتان لەو بەشە زیاد دەکات و تیاشیدا سەرکەوتوون».

ئەو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی کەلتووری کارەکانی بەسەر دوو ڕەگەزدا دابەشکردووە و هەندێ کار تایبەت بە ڕەگەزی نێرینە دەزانن و ئەو باوەڕە هەیە کە ئافرەت ناتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئافرەتی کورد بە هەڵبژاردنی ئەو بوارە لە لایەك بەرگری لە کەسایەتی خۆی دەکات و بە کۆمەڵگە دەڵێت: لە هەر شوێنێك بێت، دەتوانێت خۆی بپارێزێت و ئیتر پێویست ناکات، باوك، یان برای ئاگاداری بێت، یان لە هەندێ شوێن دوورەپەرێز بێت. لە لایەکیتر دژی جیاوازی ڕەگەزی دەوەستێتەوە و کارێکی پیاوانە هەڵدەبژێرێت کە کارێکی مەیدانی و پڕچالاکییە و زۆر بە متمانەوە ئەو کارە دەکات و هەوڵ دەدات سەرکەوتووتر بێت لە ڕەگەزی بەرامبەری و خۆی بسەلمێنێت بۆ ئەوەی بڵێت کۆمەڵگە بە هەڵە بڕیاری داوە. وتیشی: «کاری ڕاگەیاندن کارێکی مەیدانی و پڕچالاکییە، بەڵام ئافرەتانی کورد لەو بوارەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و سەلماندوویانە کە ئیتر سەردەم، سەردەمی چاخی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ نییە و کاری ئەم سەردەمە بیرکردنەوەیە و پێوەر، هێزی مێشك و توانای ڕاپەڕاندنی کارەکانە، نەك بنەمای ڕەگەزی. واتە ئەگەر کۆمەڵگە دەرفەت بدات، ئافرەت نەك لە پیاو کەمتر نییە، بەڵکو لە زۆر بواردا سەرکەوتووتر و کارامەتریشە لە پیاو.» گوتیشی: «ئەم بارودۆخەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ڕەچەڵەك و ڕەگەز نابێت ببێتە پێوەر و پێویستە هەموو هاونیشتمانییەك و بەتایبەتی میدیاکاران پاڵپشت و پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگە بن کە بە خوێن و گیانی پاکیان ئەم خاکە پیرۆزەیان پاراستووە.»

ڕاستە ئێستا لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕێژەی ژن کەمێك زیادی کردووە، بەڵام ئایا ئەم ژنانە چەند ڕۆژنامەنووسن و تا چەند بە دوای کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانییەوە و تا چەند توانیویانە ببنە دەنگی کۆمەڵگە و تا چەند لە هەموو کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆڵیان بینیوە؟



# تێڕوانینی هاووڵاتییان بۆ ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەت

له دوای ڕاپەڕینەوه  لە باشووری کوردستان کۆمەڵێك ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانی  ئافرەت دامەزران، هەر یەك لەو ڕێکخراوانەش بە پێی قەوارەی خۆیان چالاکی جۆراوجۆریان هەبووە، هەندێکیان کاری بەرچاویان کردووە و بەشێکیشیان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ئەدایەکی لاوازیان هەبووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کاری ئەو ڕێکخراوانە چەندین پرسیار بەدوای خۆیاندا بهێنن، بۆ نموونە، ئایا تاچەند لەسەر چارەسەکردنی کێشەکان کارامە بوون؟ ئایا ئامانج و بەرنامەی کاریان تا ئێستا چی لێکەوتووەتەوە؟ ئایا قەبارەی کاری پراکتیکیان لەبەرامبەر ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەدا تا چەند هاوسەنگە؟ ئایا تا چەند هەڵسووڕێنەرانی ئەو ڕێکخراوانە ڕووبەڕووی پێشێلکارییەکان بوونەتەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە تەوەری ئەم راپۆرتەی گوڵان-ن و بەشداربووانی راپۆرتەکە وەڵامی دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





سەرەتا د. نازەنین عوسمان مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «ژنی کورد بە دەر نییە لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕێکخراوەکانی ژنانیش ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیەن و پێوەندی ڕاستەوخۆشی بە ڕەوشی سیاسیەوە هەیە. دروستبوونی ئەو ڕێکخراوانە لەسەر بنەمای جیاواز بووە و بە پێی ئەو بنەمایانەش کار و پەنجەمۆریان جیاوازە. بەگشتی ڕێکخراوەکانی ژنانیش وەك پارتە سیاسییەکان توانای خوێندنەوەی دروستیان بۆ دۆخەکەیان نییە و ڕاڕاییان پێوە دیارە و نازانن چییان دەوێت و چۆن بیگەنێ. ئەو ڕێکخراوانەی ژنان و ئافرەتان کە ئۆرگانی پارتە سیاسییەکانن، ئەوانەن کە بە ژمارە ئەندامانیان زۆرە و توانای داراییان باشە، بەڵام هەر وەکوو مەکتەبی سیاسیی حزبەکانیان، گۆڕانگاری لە لێپرسراوەکانیان زۆر زەحمەتە و بە دەگمەن شتی وا ڕوودەدات. واتە چەندەها ساڵە هەر هەمان ژنن لە بەڕێوەبردنی ئەم ئۆرگانانە و گۆڕانکارییەکی کەم لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکان روو دەدات، بۆیە ئەو ئۆرگانانەی سەر بە حزبەکانن توانای خۆتازەکردنەوەو بەرهەمهێنان و فکری تازەیان کەم بۆتەوە و تووشی جامبوون هاتوون و بەرهەمیان لە ئاستی قەبارە و تواناکانیان زۆر کەمترە. دوای ڕاپەڕین و دوای ئازادی عیراق زۆر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە پارە و ئیمکانیاتی باش و بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی بۆ پێشخستنی ڕەوشی ژن هاتنە کوردستان. ئەمە هاندەر بوو بۆ دروستبوونی دەیان ڕێکخراوی ژنان کە ڕاستە کاریان بۆ ژن دەکرد، بەڵام بەشێکی بە مەبەستی سوودوەرگرتن بووە لەو هەلە، ئێستا کە ئەو یارمەتییانە کەم بوونەتەوە، ئیشی ئەم ڕێکخراوانەش سست بووە. بە هەڵەدا چوونی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کارەکانیان بە هۆی کەم زانین و کەم شارەزایی و پەلەپەلی، ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوانەی دژ بە مافی ژنن کە بیکەن بە دەف لێدان و وەك قەوانەی شکاو لێیبدەنەوە. ئەمە وایکرد ئەو ڕێکخراوانە بەترسەوە هەنگاو بنێن و لە ئاستی پێویستدا نەبن. لە لایەکی دیکەوە زاڵبونی بیری پیاوسالاری لە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی کۆسپی گەورەی لەبەردەم ژنان دروست کردووە و ڕێگر بووە لەوەی ڕۆڵی ژن لە سەر ئاستی بەرز و بەتایبەتی لە شوێنی وەرگرتنی قەراری سیاسی بوونی هەبێت، نەبوونی ژنیش لەو ئاستە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی پیاو کەمتر گوێ لە داوا و شیعاراتی ڕێکخراوەکانی ژنان بگرێت.»

ئەمیر بابان بەڕێوەبەری سەنتەری گەنجانی کۆیە-یە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەتان لە دێرزەمانەوە پێگەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی و ئیدارەدان و بەڕێوەبردن هەبووە، ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە ڕابردووی خەباتی سیاسیی کورددا، ئەوا دەبینین ئافرەتان چۆن شان بە شانی پیاوان چەکیان لە شان کردووە و چاونەترسانە سەنگەرەکانیان پاراستووە. لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێکخراوی باکگراوەندی حزبەکان هەن کە بۆ خزمەتکردنی ژنان و ئافرەتان دامەزراون، گشت ئەم ڕێکخراوانە ئامانجێکیان هەبووە، ئەویش ئازادی و یەکسانی وداکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان بووە. واتە بەردەوام ئافرەتان بەشدارییان کردووە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی هەرێم. لە ئێستا دا کۆمەڵێك ڕێکخراو

**ڕۆڵی ڕێکخراوەکان زۆر لاواز بووە لە دابینکردنی هەلی کار بۆ کچان و ژنانی گەنج بە جۆرێک نەبوونی کار لە نێو ئافرەتانی گەنج سەراپای ژیانی داپۆشیون و چەندین دەرهاویشتەی کۆمەلایەتی لێکەوتۆتەوە**

**ڕێکخراوەکان تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەیاتوانیوە زامنی مافەکانی ژنان بکەن، بەتایبەتی کە تا ئێستا کوشتنی ژنان هێشتا لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا بەردەوامە و ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ژنان و هەتاوەکو ئە زەنگە هەبێت، ژنان هەرگیز ناتوانن هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن و ئازادانە داوای مافەکانیان بکەن و پێشکەوتن لە دۆزەکانی ژناندا بهێننەدی**

**ئەنجومەنی کۆمەلایەتی سەر بە حزبەکانیش ڕۆڵێکی نەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان دەبینن، لەبەر ئەوەی زۆرجار بە ڕێگە چارەی نادروست ماف و ئازادی تیادا دەفەوتێ**

کاردەکەن بۆ هۆشیارکردنەوە و برەودان بە خولیا و ئارەزووی بەرجەستەکردنی مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتان. هاوکات بە هۆی بەرەوپێشچوونی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم هەموو تاکێکی کۆمەڵگە زۆر بە ئاسانی دەتوانیت تەنیا بە یەك کلیك لە ماڵەکەی خۆی لە سەر گشت گۆڕانکاری و رووداوەکانی رۆژانە زانیاری هەبێت. بەگشتی دەتوانم بڵێم رێکخراوەکانی ئافرەتان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییە نەبون کەوا لە سەرشانیان بووە، لە کاتێکدا حکومەت هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ بەرەوپێش چوون و هێنانە پێشەوەی ئافرەت بۆنێو ریزەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنی لە رێگەی ئەم رێکخراوانە، ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە لە ئێستادا ئەو قەیرانە داراییە کەوا بەرۆکی تاك بە تاکی کۆمەڵگەی ئێمەی گرتۆتەوە، بێگومان ئافرەتانیش لەم قەیرانە نەخوازراوەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین لەگەڵ ساڵانی رابردوو، دەبینین رێژەی کوشتن و سووتانی ئافرەتان زۆر کەمترە بووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا رێکخراوەکان زۆر بە سەرکەوتووانە و زیاد لە پێویست خزمەتیان کردووە. ئێمەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی زۆر لەوە زیاترین لەم رێکخراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی رێکخراوەکانی ئافرەتان کاریان کردووە و جێگای دەستخۆشین بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە لە رابردوو ئەنجامیان داوە. هیوادارین ئەو قەیرانە بە زووترین کات بەسەر بچێت، بۆ ئەوەی گشت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەت رێکخراوەکانی بواری ئافرەتان و ژنان بکەونەوە سەرکارەکانی خۆیان و بگرە لە جاران چالاکتر و گەرموگورتر خزمەت لەو بوارە بکەن. ئەگەرچی من وای دەبینم کە زۆربەی ئافرەتان خۆیان بە پلە دوو زانیوە و هەر خۆشیان سەبارەت بە بەدەست هێنانی مافەکانیان کەمتەرخەم بوون. بۆیە ئاواتە خوازم خۆیان بە دوای مافەکانی خۆیاندا بگەڕێن و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان چاوەڕوانی ئەوە نەبن پیاوان وەك خێر پێیان ببەخشن.»

لەلای خۆیەوە چالاکی مافناس شوان سابیر گەردی ئاماژە بەوە دەکات کە: زۆربەی رێکخراوەکان خۆیان بە رێکخراوی کارا لە مافەکانی مرۆڤ ناوەزەند دەکەن و کارکردنیش لە ژێر ئەو چەترە گەورەی کە ناوی مافی مرۆڤە وایکردووە هەموو رێکخراوەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان کار لەسەر دۆسێی ئافرەتان بکەن، هەر کاتێ کۆمەکیان دەست بکەوێت، رەنگە ئەو فراوانییەی رووبەری کاری رێکخراوەکان لە هەندێ حاڵەتدا زیانیشی گەیاندبێت بە پرۆفیشناڵیەتی لە کار کردن لەسەر ئەم دۆسێیە، بەڵام لە زۆر رووی دیکەشەوە سوودی هەبووە .ئەو رێکخراوانەی لە بواری مافی ئافرەتاندا کار دەکەن ئەوەندە زۆر نین وەك رێکخراوی تایبەتمەند، بەڵام رێکخراوی تایبەتمەندیش هەن و زۆربەیان سەر بە حزبەکانن. لە کوردستان نزیکەی (٥٠) حزبمان هەیە و هەموویان لە کۆنترین حزبەوە تا نوێترین حزب دۆسێی ئافرەت و کێشەی ئافرەت وەك بەرنامەی کاری حزبییان بایەخی خۆی هەیە بۆیان و کاری لەسەر دەکەن، بەڵام هەموو رێکخراوەکانی ئافرەتانی سەر بە حزبەکان بێگومان لە دید و هزری حزبەکەیانەوە سەیری کێشەکانی ئافرەتان دەکەن و چارەسەرییەکانیشیان لە



چوارچێوەی پەیڕەو و بەرنامەی حزبەکەیان تێپەڕ ناکات. بۆ نموونە خوشکانی ئیسلامی لە دیدی شەریعەوە و ژنانی حزبە چەپەکانیش لە دیدێکی چەپەوە کار بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەتان دەکەن، لە پاڵ ئەوانەش ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، کە جۆرێك لە تایبەتمەندی وەرگرتووە لە کاری ڕێکخراوەیی لەسەر دۆسیێ ئافرەتان و ئەوانە زیاتر وابەستەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانن بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری کیشەکاندا. کەواتە هەموو ڕێکخراوەکان، حزبی و غەیری حزبی کۆکن لەسەر ئەوەی کێشەیەك هەیە بە ناوی کێشەی مافی ئافرەتان، هەمووشیان هەوڵی چارەسەری دەدەن، بەڵام بە ئامراز و بەرنامەی جیاجیا، بۆیە بۆ بەدیهاتنی مافەکانیان نەیانتوانیوە لە بەرەیەکدا بن کە بتوانن فشار دروست بکەن».

شوان سابیر ئامانج و بەرنامەی ڕێکخراوەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکات:

١- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بۆ ماف و ئازادییەکان، بەڵام هەر یەکەی بە پێی باکگراوندە هزرییەکەی خۆی.

٢- هەوڵدان زۆرە و هەندێکیش سەرکەوتنی هەبووە بۆ دەستکاریکردنی یاساکان و هەروەها دارشتنی یاسای تایبەت، بۆ نموونە هەموارکردنی یاسای باری کەسیەتی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و زۆر یاسای دیکە کە دەرچووە مافی ئافرەتانی تیا رەچاو کراوە، وەك بابەتی کۆتا لە هەڵبژاردنەکان و ئەندامەتی لە پەرلەمان.

٣- کەمپین و داکۆکیکردن لە ڕێگەی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین لە سەر زۆر پرسی تایبەت بە ئافرەتان .

٤- دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان .

٥- بەشداریکردنی ئافرەت لە نێوەندی بڕیار، ئەگەرچی تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چاوەڕوان کراوە .

٦- بڵاوکردنەوەی پێشێلکارییەکان و داکۆکی یاسایی و تا رادەیەك هەڵماڵینی پەردە لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئافرەتان دەکران و کەسیش پێی نەدەزانی، وەك کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف کە مادده یاساییەکەی گۆڕا و بوو بە کوشتنی بەئەنقەست، بەشوودانی بەزۆر، ڕێگەگرتن لە فرەهاوسەری، و لە خوێندن دەرهێنان، بە زۆرکارپێکردن، بازرگانی بە ئافرەت و.. تاد. گوتیشی: «لە بەر زۆر هۆکار پێشێلکارییەکان لە هیچ وڵاتێك ئاماری راستەقینەی دەست ناکەوێت، واتە ڕێژەیەکی شاراوەی هەیە، بەپێی هەندێ توێژینەوە لە بواری زانستی تاوانکاری دەریدەخات کە لە باشترین حاڵەتەکانی هەڵماڵینی پەردە لەسەر تاوانەکان تەنیا ڕێژەی (٢٥ تا ٣٠ ٪)ی تاوانەکان دەگەنە دەستەڵاتی تایبەتمەند و ئەوانەی دیکەی لەبەر زۆر هۆکار نابن بە قەزییە و ناگەنە دادگاکان، یا لەبەر ئەوەی تاوان لێکراو ناوێرێ شکات بکات لەبەر ئەوەی متمانەی نییە کە دواتر باشتر دەبێت، یان لەبەر ئەوەی ڕێگری ئەدەبی هەیە، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی لە نێوان تاکەکانی خێزان روو دەدەن و نایانەوێ کێشەکە گەورەتر بێت، یان ئەوەتا تاوانلێکراو لە ترسی ئابرووچوون و سووکایەتی خۆی بێدەنگ دەکات، یان تاوانلێکراو شارەزایی لە ماف و ئازادییەکانی نییە و ڕێکارەکانی پارێزگاریکردن لە مافەکانی نازانێ. لێتانی ناشارمەوە ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی سەر بە حزبەکانیش ڕۆڵێکی نەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن، لەبەر ئەوەی زۆرجار بە ڕێگە چارەی نادروست ماف و ئازادی تیادا دەفەوتێ.»

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان، ئیراد منوچر سان ئەحمەد چالاکی کۆمەڵی مەدەنی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، دەڵێت: «بوونی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان سیمای شارستانی کومەڵگەی کوردەوارییە و ئەگەر چاوێك بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتاندا بخشێنین، دەتوانین گەواهی ئەوە بدەین کە ڕۆڵیان هەبووە لە بوارەکانی یاسادانان و بەشداریکردنی سیاسیی ژن و بەتایبەتی لە سەر پرسی کۆتا بۆ ژنان و دواتر هەنگاونان بۆ چەند دۆزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێکخراوانە بەدەرنین لە کەموکورتییەکان.» گوتیشی: «زۆرێك لە پسپۆڕان هۆکارەکانیان پۆلێن کردووە و یەکێك لەو هۆکارانە کە زۆر بەرجەستە دەکرێت، ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری درەنگ سەریان هەڵدا، کە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ نیوەی سەدەی رابردوو، ئەمەش وایکردووە شارەزایی و لێهاتووی ئەم ڕێکخراوانە لە ئاستی پێویستدا نەبێت، بە شێوەیەك تا ئێستا دەناڵێنن بە دەست لاوازییان لە بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنی بەهێز، لەو روانگەشەوە زۆربەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان بوونەتە پاشکۆی حزبەکان و سەربەخۆ نین لە بڕیاردان لەسەر دۆزەکانی تایبەت بە ژنان، سەرەرای ئەوەی ژمارەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان کەمن و ئیمکانیتی ماددی و میکانیزمی کارکردنیان سنووردار کراوە، بۆیە ئەم ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە پێوەندی لەگەڵ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بکەن، بە جۆرێك ئەو ژنانەی رووبەڕووی کەلتوورە ناباوەکانی کۆمەڵگە دەبنەوە و دیدی یاخیبوویان بەسەردا دەسەپێندرێت، وەك پێویست وشیار بکەنەوە. لە کاتیکدا ژنی ڕۆشنبیر لەناو خێزاندا دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی هەبیت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و بەهێزکردنی پێگەی خێزان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دەبێت چی بکەن کە ئێستا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و ئەو گرفت و بەربەستانە چین کە رووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە، بەتایبەتی لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، گوتی: «ئەوەی بەدی دەکرێت ڕۆڵی ڕێکخراوەکان زۆر لاواز بووە لە دابینکردنی هەلی کار بۆ کچان و ژنانی گەنج بە جۆرێك نەبوونی کار لە نێو ئافرەتانی گەنج سەراپای ژیانی داپۆشیون و چەندین دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە. واتە دەتوانین بڵێین ڕێکخراوەکان تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەیاتوانیوە زامنی مافەکانی ژنان بکەن، بەتایبەتی کە تا ئێستا کوشتنی ژنان هێشتا لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا بەردەوامە و ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ژنان و هەتاوەکو ئەو زەنگە هەبێت، ژنان هەرگیز ناتوانن هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن و ئازادانە داوای مافەکانیان بکەن و پێشکەوتن لە دۆزەکانی ژناندا بهێننەدی.»

**ئەگەر چاوێک بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتاندا بخشێنین، دەتوانین گەواهی ئەوە بدەین کە ڕۆڵیان هەبووە لە بوارەکانی یاسادانان و بەشداریکردنی سیاسیی ژن و بەتایبەتی لە سەر پرسی کۆتا بۆ ژنان و پراکتیکیکردنی لە بەشداری سیاسی و دواتر هەنگاونان بۆ چەند دۆزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری**

**لە کوردستان نزیکەی (٥٠) حزبمان هەیە و هەموویان لە کۆنترین حزبەوە تا نوێترین حزب دۆسیێی ئافرەت و کێشەی ئافرەت وەک بەرنامەی کاری حزبییان بایەخی خۆی هەیە بۆیان و کاری لەسەر دەکەن**

**زۆربەی ڕێکخراوەکان خۆیان بە ڕێکخراوی کارا لە مافەکانی مرۆڤ ناوەزەند دەکەن و کارکردنیش لە ژێر ئەو چەترە گەورەی کە ناوی مافی مرۆڤە وایکردووە هەموو ڕێکخراوەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان کار لەسەر دۆسیێی ئافرەتان بکەن**